# عێراق دەتوانێت رۆژانە 4.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بێنێتەوە؟

03-04-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بەر لە جەنگ، عێراق ئامانجی بوو بگاتە بەرهەمهێنانی 6 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. ئێستا ئەو ژمارە خەریکە دەبێتە خەیاڵ و رۆژ بە رۆژ دوورتر دەکەوێتەوە لەو ئاستەی بەر لە جەنگ بەرهەمی دەهێنا کە رۆژانە 4.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بوو، چونکە گرووپە چەکدارە عێراقییەکانی لایەنگری ئێران بەهۆی بەردەوامبوونی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، کێڵگە نەوتی و گازییەکانیش لە عێراق دەکەنە ئامانج و، کۆمپانیا بیانییەکانی نەوتیش یەک لە دوای یەک لە عێراق دەکشێنەوە.

بەر لە جەنگ، عێراق ئامانجی بوو بگاتە بەرهەمهێنانی 6 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. ئێستا ئەو ژمارە خەریکە دەبێتە خەیاڵ و رۆژ بە رۆژ دوورتر دەکەوێتەوە لەو ئاستەی بەر لە جەنگ بەرهەمی دەهێنا کە رۆژانە 4.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بوو، چونکە گرووپە چەکدارە عێراقییەکانی لایەنگری ئێران  بەهۆی بەردەوامبوونی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، کێڵگە نەوتی و گازییەکانیش لە عێراق دەکەنە ئامانج و، کۆمپانیا  بیانییەکانی نەوتیش یەک لە دوای یەک لە عێراق دەکشێنەوە.

دوایین هێرشی گرووپە چەکدارەکانی "مقاوەمەی ئیسلامیی عێراق " لە رۆژی 4ی نیسان 2026 بۆ سەر کێڵگەی نەوتی مەجنوون بوو لە رۆژئاوای بەسرە، کە ئەو کێڵگەیە یەدەگەکەی زیاتر لە 38 ملیار بەرمیل نەوتە. هەروەها لە هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە لە رۆژی 1ی نیسان هێرشکرایەوە سەر کێڵگەکانی سەرسنگ و ئەترووش لە پارێزگای دهۆک.

ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی ئەم رۆژانەی سەر پیشەسازی نەوت لە باشووری عێراق و هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای خزمەتگوزاری KBRی ئەمریکی لە کێڵگەی مەجنوون و، کۆمپانیای HKNی ئەمریکیی سەرکاری کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام زیانەکان زۆر گەورەترن لەو کۆمپانیایانە و توانای عێراق بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە رۆژانی دوای جەنگ زۆر لاواز دەکات، چونکە کۆمپانیا بیانییە نێودەوڵەتییەکان بەشدارن لە بەرهەمهێنانی 68٪ی نەوتی بەرهەمهێنراوی رۆژانەی عێراق.

ئەگەر کۆمپانیا بیانییەکان و تەکنەلۆژی پێشکەوتوو و توانای مرۆیی ئەو گەورە کۆمپانیایانە نەبووایە، عێراق نەیدەتوانی بگاتە بەرهەمهێنانی رۆژانەی سەروو 4.3 ملیۆن بەرمیل نەوت، بەڵکو وەک فەنزوێلای سەردەمی مادۆرۆی لێدەهات. دیارترین نموونەش بەراوردی کێڵگەی نەوتی رۆمەیلە و مەجنوونە.

کێڵگەی نەوتی مەجنوون کە یەدەگەکەی 38 ملیار بەرمیلە و لەلایەن کۆمپانیای نەوتی بەسرەوە بەڕێوەدەبرێت، توانای بەرهەمهێنانی 200 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا. لە بەرامبەردا، کێڵگەی رۆمەیلە کە یەدەگەکەی تەنیا 17.7 ملیار بەرمیلە، توانای بەرهەمهێنانی 1 ملیۆن و 350 هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا،  چونکە گەورە کۆمپانیاکانی BPبەریتانی و CNPC چینی بەهاوبەشی بەڕێوەی دەبەن.

بەر لە جەنگ کۆی نەوتی بەرهەمهێنراوی عێراق رۆژانە 4 ملیۆن و 343 هەزار بەرمیل نەوت بووە بەبێ هەرێمی کوردستان: 1 ملیۆن و 383 هەزار بەرمیل لەلایەن کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتی عێراق، 1 ملیۆن و 575 هەزار لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکان و، 1 ملیۆن و 385 هەزار بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بووە. واتە رێژەی 31.8٪ نەوتی عێراق لە رێگەی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی عێراق ، وەک کۆمپانیای نەوتی بەسرە و باکوور، میدلاند، باشوور و زیقار بەرهەم دەهێنرا  و، 36.3٪ لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکان و، 31.9٪ بەهاوبەشی نێوان کۆمپانیا عێراقییەکان و کۆمپانیا بیانییەکان.

لەنێو وڵاتانی جیهان دا زیاتر لە 14 گەورە کۆمپانیای نەوتی و گاز، وەبەرهێن و هاوبەشن بەشێوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لە بەرهەمهێنانی نەوت و گازدا لە عێراق. لەوانەش کۆمپانیا چینییەکان بە پلەی یەکەم دێن و رۆژانە نزیکەی 500 هەزار بەرمیل نەوت لە عێراق بەرهەم دەهێنن.

هەروەها کۆمپانیا رووسییەکان بە بەرهەمهێنانی 322 هەزار بەرمیل بە پلەی دووەم بەشدارن، بەڵام بەم دواییە بەهۆی سزاکانی ئەمریکا لوکئۆیڵ ناچاربوو پشکەکەی بفرۆشێتە شیڤرۆنی ئەمریکی. کۆمپانیا ئەمریکییەکانیش بە پلەی سێیەم دێن و بەشدارن لەبەرهەمهێنانی 227 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بۆ عێراق.

**ژێرخانی کەرتی نەوتی عێراق و کۆمپانیا بیانییەکان**

کۆی کێڵگە نەوتی و گازییەکان لە هەر سێ قۆناخی بەرهەمهێنان و پەرەپێدان و گەڕاندا 67 دانەیە، کە 41 دانەیان بەرهەمهێنانیان تێدا دەکرێت، 21 کێڵگەیان لە قۆناخی گەڕان و پەرەپێداندان و، سێ کێڵگەیان راگیراون. لەو 67 کێڵگەیە لە عێراق هەن : 47 کێڵگەی نەوتی، 4 کێڵگەی گازی و 16 کێڵگەی نەوت و گازن. کۆی یەدەگی نەوتی عێراق 143 ملیار بەرمیل نەوتە، کە 95 ملیار دەکەوێتە بەسرەوە و، پارێزگای کەرکووک بە 11 ملیار بەرمیل بە پلەی دووەم دێت، کە ناوچەیەکی کێشە لەسەرە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالیی عێراق دا بەپێی مادەی 140ی دەستووری عێراق.

لەو 41 کێڵگەیەی نەوتی تێدا بەرهەمدێت، بەروونی رۆڵی کۆمپانیا بیانییەکان لە پەرەپێدانی ژێرخانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز دەردەکەوێت، چونکە ئەو کێڵگانەی ئاستی بەرهەمهێنان تێیاندا بەرزە بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بەڕێوەدەبرێن.

باشترین نموونەش، پێنج کێڵگە تۆپەکەی نەوتی عێراق ( رۆمەیلە، کەرکوک، رۆژئاوای قورنەی 1 و 2 و،  زوبێر) رۆژانە نزیکەی 3 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنن، ئەم کێڵگانە بە هاوبەشی بەڕێوەدەبرێن لەگەڵ چەند گەورە کۆمپانیایەکی وەک BP ی بەریتانی،

کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چینی CNPC، ئینپێکسی ژاپۆنی، ئینی ئیتالی و کۆگاسی کۆریای باشوور.

خشتەی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکان لە عێراق / 2025

| ولات | ژمارەی کێڵگەکان | ناوی کۆمپانیاکان | ناوی کێڵگەکان | کۆی بەرهەمهێنان (هەزار بەرمیل/ڕۆژ) | ڕێژەی هاوبەشی | بڕی بەرهەمهێنان لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە (هەزار بەرمیل/ڕۆژ) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چین | 5 | CPNC، پیترۆچاینا، COONC | ڕومەیلە، ڕۆژئاوای قورنە ١، حەلفایە، ئەحدەب، بلۆکی ٩ | 1350+430+200+25+50=بەنزیکەی | %50–37 | 485~ |
| ڕووسیا | 3 | لوکئۆیل، گازپرۆم نەوت | ڕۆژئاوای قورنە ٢، بەدرە، بلۆکی ١٠، بلۆکی ١٢ | 430=0+0+50+380 | %85–75 | 322~ |
| ئەمریکا | 2 | ئێکسۆن مۆبیل، ئۆکسیدێنتاڵ | ڕۆژئاوای قورنە ١، زوبێر | 800=370+430 | %32–23 | 227~ |
| بەریتانیا | 1 | بی پی BP | ڕومەیلە | (derahs) 1350 | %29~ | 195~ |
| ژاپۆن | 4 | ئینپێکس، ژاپێکس | ڕۆژئاوای قورنە ١و٢، غەراف، بلۆکی ١٠ | 430+380+70+0=بەنزیکەی | %30–9 | 181~ |
| مالیزیا | 3 | پیترۆناس | حەلفایە، غەراف، بەدرە | 320=50+70+200 | %45–18 | 114~ |
| ئیتالیا | 1 | ئینی | زوبێر | 370 | %32.8 | 121~ |
| کۆریای باشوور | 3 | کۆگاس | زوبێر، بەدرە، عەکاز | 420=0+50+370 | %22–18 | 78~ |
| فەرەنسا | 3 | تۆتاڵ ئینێرجی | حەلفایە، بلۆکی ٩، بلۆکی ١١ | 250=0+50+200 | %50–18 | 70~ |
| تورکیا | 1 | CIPT | بەدرە | 50 | %7.5 | 4~ |
| ئەنگۆلیا | 1 | سۆنانگۆل | گەیارە | 35 (هاوبەشی) | %25~ | 9~ |
| کوێت | 2 | کوێت ئینێرجی | سیبا گاز، مەنسووریە | بەتەنیا گاز | %60 | — |
| هۆڵەندا | 1 | شێڵ | عەکاز | 0 | — | 0 |
| قەتەر | 1 | قەتەر ئینێرجی | بلۆکی ٢ | 0 | — | 0 |

تێبینی: ڕومەیلە و گەیارە کێڵگەی هاوبەشن. عەکاز و مەنسووریە کێڵگەی گازن و ئێستا کارەکانیان ڕاوەستاوە. 1QW = ڕۆژئاوای قورنە ١، 2QW = ڕۆژئاوای قورنە ٢

ئەو کۆمپانیایانەی لەنێو خشتەکەدا هاتوون، ئەو کۆمپانیا بیانییانەی تێدا نییە کە وەک کۆمپانیای خزمەتگوزاری لەو کێڵگانەدا کاردەکەن، وەک کۆمپانیاکانی شڵمبەرگەر، ویزەفۆرد، بەیکەر هیوز، هالبیرتۆن و ئۆیل سێرڤ.

هەمان ڕۆژی هێرشەکەی سەر مەجنوون، کۆگاکانی شڵمبەرگەری فەرەنسی لە بەسرەش بە درۆن هێرشکراوەتەسەری و زیانی گەورەی بەرکەوتووە. ئەوەش کاریگەریی گەورە دەکاتە سەر ئەو کۆمپانیانەی کە تەکنەلۆژیای ئاست بەرز بۆ کێڵگەکان دابین دەکەن.

بەپێی شارەزایەکی کەرتی نەوت: ئەگەر تەنیا کۆگاکانی نەوت و ئامێرەکانی سەرزەوی کێڵگەکان، زیانیان بەرکەوتبێت، چەند هەفتەیەک پێویستە بۆ دووبارە دەستکردنەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت وەک ڕۆژانی ئاسایی، بەڵام ئەگەر زیان گەیشتبێتە ئامێرەکانی دەرهێنانی نەوت، پەمپ، بیرەکانی نەوت و پرۆسێسی جیاکردنەوەی نەوت و گاز، ئەوا زیاتر لە 3 تاوەکو 6 مانگ پێویستە بۆ گەڕانەوە بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی پێشووتر.

ئەو ئاستی بەرهەمهێنانەی نەوت و گاز کە پێش درۆنەکان پێیگەشتبوو، بە تێچووی زۆر بەدەستهاتبوو. لە ماوەی دەیەی 2015 -2025دا، کۆی وەبەرهێنانی عێراق لەسەردەمی هەموو وەزارەت و حکومەتەکاندا گەیشتبووە 189 تریلیۆن دینار (145 ملیار دۆلار). لەو پارەیە، 113 ترلیۆن دینار (87 ملیار دۆلار)بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق تەرخانکراوە، واتە 60٪ی کۆی وەبەرهێنانی وڵات بۆ بواری نەوت خەرجکراوە.

ئەگەر ئەم دۆخەی ئێستا نەوەستێنرێت، پیشەسازی نەوت و گاز لە عێراق بەدڵنیاییەوە دەگەڕێنرێتەوە قۆناخێک دواتر و ئامانجی بەرهەمهێنانی 6 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا یەک دەیەی دیکە دوادەکەوێت. هەروەها گەڕانەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ پێش درۆنی میلیشیاکان زۆری پێدەچێت، سەرەڕای بەزەحمەت هاتنەوەی کۆمپانیا بیانییەکان و وەبەرهێنانی دەرەکی و تەکنەلۆژیای نوێی پیشەسازی نەوتی بۆ عێراق.